# لەمەڕ تیۆری دیموکراســــــــــییەوە

کارڵ پۆپەر

و.لەئاڵمانییەوە هەڵۆ بەرزنجەیی

تێبینی: ئەم ووتارە لە گۆڤاری Der Spiegel ئاڵمانیدا ساڵی 1987 بڵاوکراوەتەوە ئەودەمە DDR مابوو.

ئارەزووی هەرە گەورەم سروشت و زانستی سروشتە ، گەردووناسی . لەوەتەی لە 1919 ەوە وازم لە مارکسایەتی هێناوە ، ئارەزووی سیاسەت و تیۆرییەکانیم تەنها وەك هاووڵاتییەك کردووە . وە هەروەها وەك دیموکراتیکخوازێك . وەلێ بەهۆی هەڵچوونی رووداوە تۆتالیتارییەکانی ساڵانی بیست و سی لەلایەن چەپ و راست ، هاتنە سەرحوکمی هیتلەر لە ئەڵمانیا ، ناچاربووم بیر لە کێشەی دیموکراسی بکەمەوە .ئەگەرچی لە کتێبەکەم دا" کۆمەڵگای کراوە و دوژمنەکانی " ، هیتلەر و نازیم بە تەنها ووشەیەکیش ناو نەهێناوە . ئەمەشم بە هاوبەشییەکی خۆم لە شەڕی دژی هیتلەر دانا . کتێبەکە ، تیۆرییەکی دیموکراسییە و بەرگری لە دیموکراسی لە دژی شاڵاوی کۆن و نوێی دوژمنەکانی دەکات . ساڵی 1945 دەرچووە و هەتا ئێستا هەر لێی چاپ دەکرێتەوە . وەلێ ئەو خاڵانەی من بە گرنگیان دادەنێم ، وام بۆ دەردەکەوێت ، تەنها کەمێك بە تەواوی لێی حاڵیبووبن .

وەك هەموو کەس دەزانێ ، دیموکراسی واتە دەسەڵاتی گەل ، یاخود سەروەرێتی گەل . پێچەوانەی ئەریستوکراتی ( دەسەڵاتی باشترین یاخود بەگزادەکان ) و مۆنارشی دەسەڵاتی تاکە کەس . بەڵام بۆ ئێمە بە تەنها مانای ووشەکە بەس نییە . کەواتە لە هیچ شوێنێ گەل حوکم ناکات . لە هەموو شوێنێ رژێمەکان حکوم دەکەن . هەروەها بە داخەوە بیرۆکراتی ، واتە ئەو کارمەندانەی کە بە زەحمەت یاخود هەر ناتوانرێت رابکێشرێنە بەردەم لێپرسینەوە. جگە لەوە بەریتانیای مەزن ، دانیمارك ، نەرویج و سوید حکومی پادشایین . هەمان کات نموونەیەکی زۆر باشی دیموکراسین . ( لەوانەیە بە هەڵاواردنی سوید کەوا بیرۆکراتی باح نابەرپرسیارانە دەسەڵاتی دکتاتۆرانە پیادە دەکات ) .تەواو بە پێچەوانەی DDR کۆماری ئاڵمانیای دیموکراتییەوە ، کە خۆی بە دیموکرات دادەنێ ، بەڵام بەداخەوە بە ناهەقانە .

لە راستیدا ئەمە لە چییەوەسەرچاوە دەگرێت ؟

لە هەقیقەتدا دوو جۆر فۆڕمی دەوڵەت هەیە . ئەوەی تێیاندا شیاوە لە رژێمەکان بێ خوێنڕشتن بە رێگای دەنگدانەوە رزگارمان بێت. یان ئەوەی کەئەمەی تێیاندا شیاو نییە . مەسەلەکە لێرەوە سەرچاوە دەگرێت. نەك لەوەی پیاو چۆن فۆڕمی دەوڵەتەکە ناو دەنێت ...

هەڵبەت بە شێوەیەکی ئاسایی مرۆ فۆڕمی یەکەم ناو دەنێت ( دیموکراسی ) و دووەم فۆڕمی ( دکتاتۆری ) یان ستەمکاری . بەڵام مەسەلەکە کێشە و هەرا نییە لەسەر ووشەی وەك ( کۆماری ئاڵمانیای دیموکراتی ) . ئەوەی بڕیاردەر و گرنگە هێنانەخوارەوەی رژێمێکە بەبێ خوێنڕشتن . بۆ هێنانەخوارەوە و لابردنی رژێمێك میتۆدی جیاواز هەیە . باشترین میتۆد دەنگدانە ، هەڵبژاردنێکی نوێ ، یاخود دەنگدانی دەستەیەك لە پەرلەمانێکی هەڵبژێردراوو دەتوانێ رژێمەکە بروخێنێ .ئا ئەمەیە مەسەلەکە !. ئیدی لەبەرئەوە هەڵەیە گەر پیاو جەخت لەسەر پرسیارەکە بکات ( وەك چۆن لە ئەفلاتونەوە هەتا مارکس و دواتریش هەر دەکرێتەوە ). کێ دەبێت حوکم بکات ؟. میللەت (

ڕەشووڕووت ) یاخود پوختە باشەکان ؟ کرێکار یاخود کاپیتالیست ( خراپ )؟ زۆرینە یاخود کەمینە ؟ حیزبی چەپ یاخود ڕاست وەیان حیزبی نێوەڕاست ؟.

هەموو ئەم پرسیارانە بە هەڵەکراون . مەسەلەکە لەوەوە نەهاتووە کێ حوکم دەکات، هەتا ئەو شوێنەی مرۆ بتوانێ بێ خوێنڕشتن لە ڕژێمەکە ڕزگاری بێت . هەر ڕژێمێك ، کە پیاو بتوانێ دووبارە ڕزگاری بێت لێی ، توانایەکی بەهێزی خرۆشاندن و کاریگەرێتی هەیە ، خۆی وا بنوێنێ کە مرۆ لەگەڵیدا بەختەوەرە .

ئەم توانا و هێزی خرۆشاندن و کاریگەرێتییە ، نامێنێ گەر ڕژێمەکە بزانێ کە مرۆڤ وا بە سانایی ناتوانێ لێی ڕزگاری بێت .

بۆ ئەوەی نیشانی بدەین ، ئەم شێوە تیۆرییە دیموکراسییەئاسانە چەند گرنگە لە پراکتیکدا ، ئارەزوو دەکەم ئەم کێشەیە بەسەر یاسای هەڵبژاردنی ڕێژەییدا بەکار بهێنم .

گەر من لێرەدا ڕەخنە لە یاسایەکی مافی هەڵبژاردن بگرم ، وەك ئەوەی لە دەستووری ئاڵمانیدا چەسپاوە .. دەبێت هەر وەك هەوڵێك و تاقیکردنەوەیەك هەڵبسەنگێندرێت . دەمەتەقێیەك لەمەڕ دیدێکەوە بکرێتەوە کە بە زانینی من بە دەگمەن دەخرێتە بەردەم پرسیارەوە .

مرۆڤ نابێ بە ئاسانی دەستوور بگۆڕێت . وەلێ چاکە ، ڕەخنەگرانە دەمەتەقێ لەسەر بکات .هەتاوەکو هوشیاری ماناکەی بە زیندوویی ڕابگرین .

لە دیموکراسی کیشوەری ئەورووپای ڕۆژئاوادا ، مافی هەڵبژاردن بەربلاوە کەوا لە بنەڕەتەوە لە هەر یەك لە مافەکانی دیکەی هەڵبژاردن خۆی جیادەکاتەوە . بۆ نموونە لە بەریتانیای مەزن و ئەمەریکادا بەرقەرارە و بریتییە لە نوێنەرایەتی ناوچەیی ( بازنەیی) . لە بەریتانیا هەر ناوچەیەکی هەڵبژاردن نوێنەرێکی خۆی دەنێرێتە پەرلەمان . ئەوەی کەوا زۆرترین دەنگ بە دەست دێنێ ، ئەوەش : چ حیزبێکە ، یاخود سەر بە چ حیزبێکە وەیان بێلایەنە ، بە ڕەسمی حسابی بۆ ناکرێت .ئەو کەسە ئەرکەکەی بریتییە لەوەی بە هەموو هێز و توانای خۆیەوە نوێنەرایەتی بەرژەوەندی هەر

یەکێك لەوانە بکات کە لە ناوچەی هەڵبژاردنەکەی ئەودا دەژین . ئیدی سەر بە حیزبە یاخود نا گرنگ نییە .

هەڵبەتە حیزبەکان هەن و ڕۆڵی گەورە لە پێکهێنانی ڕژێمێکدا دەلیزن . بەڵام گەر نوێنەری ناوچەیەکی هەڵبژاردن باوەڕی وا بێت . کەوا لە بەرژەوەندی ناوچەی هەڵبژاردنەکەدایە ( ڕەنگە هی تەواوی میللەتیش ) دژی حیزبەکەی خۆی دەنگ بدات یاخود واز بهێنێت . بەو شێوەیە ئەوە ئەرکی سەر شانێتی ئەوە بکات .

چەرچڵ .. گەورەپیاوی دەوڵەتی ئەم سەدەیەمان هەرگیز پیاوێکی چەمەلەخ بوو ( دەروێش ـ و) نەبوو و دووجار حیزبی گۆڕیوە .

بارودۆخەکە لە کیشوەری ئەورووپادا تەواو پێچەوانەیە.. هەڵبژاردنی ڕێژەیی دەڵێ ... کەوا هەر حیزبێك هێندە نوێنەرایەتی لە پەرلەمان بەدەست دێنێ ، کە ژمارەی نوێنەرانی حیزبە جیاوازەکان بە پێی توانا لە هەلومەرجێکی تەواودا هێندەی هەقیئەو دەنگانەی کە بە حیزبەکان دراوە .

بەم شێوەیە حیزبەکان لەلایەن دەستووری دەوڵەتەوە دانیان پێدانراوە و لە مافی بنچینەییدا چەسپاون تاکەنوێنەرەکە تەواو بەرەسمی وەك نوێنەری حیزبەکەی هەڵدەبژێردرێت . لەبەرئەوە ناتوانێ خاوەنی ئەو ئەرکە بێت ، بەپێی هەلومەرج دژی حیزبەکەی دەنگ بدات . ئەو تەواو بە پێچەوانەوە لە ڕووی مۆراڵییەوە وابەستەی پارتەکەیەتی . ئەو تەنها وەك نوێنەری ئەو حیزبە هەڵبژێردراوە . ( وە ئەگەر نەیتوانی چیدی لەگەڵ ویژدانیدا ڕێك

بکەوێت ، ئەویش ئەرکی مۆڕاڵی سەرشانی هەیە دەستبکێشێتەوە . تەنانەت لەو کاتەشدا گەر دەستوور بۆی نەنووسیبێت) .

دیارە من دەزانم پیاو پێویستی بە حیزب هەیە . هەتا ئێستا هیچ کەسێك سیستەمێکی دیموکراسی دانەهێناوە ، کە بەبێ حیزب هاتبێتەدی ، وەلێ لە لایەکەوە حیزبە سیاسییەکان هەر هەموو شتێکی دڵخۆشکەری دەرکەوتوو نین و لە لایەکی دیکەوە بێ حیزب هیچ ناڕوات .

هەموو دیموکراتییەکەمان حوکمی گەل نین ، بەڵکو حوکمی رژێمەکانە واتە حوکمی سەرۆکی حیزبەکانە . هەتا حیزبەکەش گەورە بێت ، وا کەمتر یەکگرتووە ، وا کەمتر دیموکراسییە. وە ئەوانەی دەنگی بۆ دەدەن کەمتر کاریگەرییان هەیە لەسەر دەسەڵاتی حیزبەکە و پرۆگرامەکەی . ئەو قەناعەتەی پێی وایە هەڵبژاردنی پەرلەمانێك بە پێی یاسای هەڵبژاردنی رێژەیی باشترین ئاوێنەی رەنگدانەوەی گەل و خواستەکانێتی ، هەڵەیە . ئەوە نوێنەرایەتی گەل و بیروڕاکانی ناکات ، بەڵکو تەنها و تەنها نوێنەرایەتی کاریگەرێتی حیزبەکەی ( وە پڕوپاگەندەش ) بەسەر جەماوەردا لە رۆژی هەڵبژاردندا دەکات . ئەمەش مەسەلەکە دژوار دەکات . رۆژی هەڵبژاردنەکە ببێتە ئەو رۆژەی کە دەکارێ ببێتە رۆژی دادگای گەل بەسەر ئیشوکارەکانی حکومەتەوە .

کەواتە نە تیورییەکی بەرقەراری دەسەڵاتی گەل هەیە و ..نە تیورییەکی رەواجدار کەوا یاسای هەڵبژاردنی رێژەیی داوای دەکات . ئیدی پێویستە ئێمە بپرسین : یاسای هەڵبژاردنی رێژەیی لە پراکتیکدا کاریگەرێتی چۆنە ؟ .

1- لەسەر پێکهێنانی حکومەت .

2 ـ لەسەر هەلومەرجی بڕیاردەری گرنگ ، حکومەتێك دەر بکەن .

1- ... هەتا حیزبەکان زۆربن وا پێکهێنانی حکومەت زەحمەتە . یەکەم ئەمە راستییەکە لە ئەزموونەوە هاتووە و دووەم راستییەکی ئەقڵیشە : گەر تەنها دوو حیزب هەبێت ، ئەو کات دامەزراندنی حکومەت ئاسانترە . بەڵام یاسای هەڵبژاردنی رێژەیی دەرفەت دەخاتە بەردەم پارتە بچوکەکان ـ کاریگەرییەکی گەورە ـ زۆرجار گردەبڕ- لەسەر پێکهێنانی حکومەت بەدەست بهێنن و گەلێ جار لەسەر سیاسەتی گردەبڕی حکومەتیش ... هەموو ددان بەوەدا دەنێت و هەموو دەزانین ، کە یاسای هەڵبژاردنی رێژەیی ژمارەی حیزبەکان زیاد دەکات ، بەڵام هەتا ئەو شوێنەی کە مرۆ قبوڵی بکات ، کەوا کرۆکی دیموکراسی بریتییە لە دەسەڵاتی گەل. پێویستە مرۆ وەك دیموکراتخواز ئەم دژواری و زەحمەتە پەسەند بکات ، کە یاسای هەڵبژاردنی رێژەیی لێرەدا بەڵێ وەك کرۆك بەدیاردەکەوێت .

2 ـ ... بێگومان هەڵبژاردنی رێژەیی و لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەی زۆری حیزبەکان لەکوێدا دەرفەت هەبێت کاریگەری خراپتر دەبێ . چی کەوا پەیوەندی بە دەرکردنی گرنگی رژێمێك لە رێگای بڕیاری گەلەوە هەبێت . بۆ نموونە لە رێگای هەڵبژاردنێکی نوێی پەرلەمانەوە ـ (یەکەم) مرۆ دەزانێ کە حیزبی زۆر هەیە بە زەحمەت چاوەڕوان دەکرێت کە یەکێ لەو هەموو حیزبانە زۆرینەی رەها بەدەست بهێنێ . چونکە لەبەرئەوەی ئەم چاوەڕوانییە پێش دێت ، وا بڕیاری گەل دژی هیچ کام لەو حیزبانە راناگەیێندرێ ، هیچ پارتییەك دەرناکرێت وهیچ حیزبێك مەحکوم ناکرێت .. .

(دووەم) مرۆ چاوەڕێ ناکات کە رۆژی هەڵبژاردن رۆژێکی دادگای گەل بێت بەسەر حکومەتەوە . هەندێ جار رژێمەکە رژێمێکی کەمایەتی بووە، لەبەرئەوە لە بارێکدا نەبووە چی بەلای خۆیەوە راستە بیکات ، بەڵکو ناچار کراوە واز لە مافی خۆی بهێنێ. ـ یاخود رژێمێکی هاوپەیمانێتی بووە ، کە هیچ کام لە حیزبەکانی حکومەتەکە تەواو بەرپرسیار نەبووە . بەم شێوەیە پیاو رادێت هیچ کام لە حیزبە سیاسییەکان و هیچ کام لە سەرۆکەکانیان بۆ بڕیاری حکومەت بەرپرسیار بکات..وە هەروەها کاتێ حیزبێك نزیکەی رێژەی 5 یان 10 ی دەنگەکان دەدۆڕێنێت لە لایەن هیچ

کەسێکەوە وەك خەتابار تەماشا ناکرێت ، بەلانی کەمەوە لە لایەن ئەوانەی دەنگیان داوە بە حکومەتەکە . کارەکە تەنها مانای یەك ساتەوەختی هەڵچوون و داچوونی خۆشەویستی لە نێو گەلدا دەگەیەنێ.

(سێیەم) هەروەها لەو کاتەدا کە زۆرینەی دەنگدەران دەیانەوێ حکومەتی پێکهاتووی زۆرینە لابەن، مەرج نییە بتوانن و سەرکەوتن بەدەست بهێنن . هەروەها کاتێ خودی حیزبێك کە هەتا ئەو کاتە زۆرینەی رەهای هەیە ( بەو شێوەیەی بتوانرێت بەرپرسیار بکرێت ) زۆرینەی خۆی لە دەست بدات وا لە سایەی یاسای هەڵبژاردنی رێژەییدا شیمانە زۆرە ، هەر وەك حیزبێکی گەورە بمێنێتەوە چونکە دەتوانێ بەپشتیوانی بچووکترین حیزب حکومەتێکی هاوپەیمانێتی دابمەزرێنێ .

بەم شێوەیە سەرۆکی حیزبی گەورەی لابراو دەتوانێ حوکمی خۆی درێژە پێبدات ــ دژی بڕیاری زۆرینە و لەسەر بنچینەی بڕیاری حیزبێکی بچوك کە دەکرێت چەند فرسەخێك لەوەوە دوور بێت ( ویستی گەل ) نوێنەرایەتی بکات .بێگومان هەروەها حیزبێکی بچوکی لەم شێوانە دەتوانێ بەبێ هەڵبژاردنێکی نوێ ، بەبێ راسپاردە و فەرمانێکی نوێ لەلایەن دەنگدەرانەوە حکومەتێك بڕوخێنێ و پێکەوە لەگەڵ حیزبە ئۆپۆزیسیونەکاندا حکومەتێکی نوێ پێکبهێنێ ــ لە گاڵتەجارییەکی ناکۆك بەو بیرۆکەیەی کە یاسای هەڵبژاردنی رێژەیی بە بنچینە دادەنێت . بیرۆکەی ، کاریگەرێتی حیزبێك دەبێت هاوجووتی ژمارەی دەنگدەرەکانی بێت .

شتی لەم بابەتە زۆر دێتە پێشەوە لەو شوێنەی کەوا ژمارەی حیزبەکان زۆرن و هەن و هاوپەیمانێتی رێسایە و بۆتە شتێکی زۆر زۆر ئاسایی . زۆر راستە کەوا هەمان شت هەروەها دەتوانێ لە وڵاتێکدا روو بدات ، کەوا یاسای هەڵبژاردنی رێژەیی تێدا نەبێت ــ وەلێ لەم وڵاتانەدا شوێنێکی وەك لە بەریتانیای مەزن یاخود ئەمەریکادا ــ مەیل و ئاراستەیەك سەری هەڵداوە ، کە بە شێوەیەکی سەرەکی دوو حیزبی گەورە بەرانبەر بە یەك دەوەستن و لەگەڵ یەکتردا پێشبڕکێ دەکەن .

بۆ من فۆرمێك بە دیار دەکەوێت ، کە سیستەمی دوو حیزب دەشێ ببێتە باشترین فۆڕمی دیموکراسی . هەمیشە سەرلەنوێ حیزبەکان بەرەو ئەوە دەبات رەخنە لە خۆیان بگرن . گەر یەکێ لەو دوو حیزبە گەورەیە لە هەڵبژاردندا شکستێکی گەورە بخوات ، وا بە شێوەیەکی نەریتی دەست بە
ریفۆرمێکی رادیکالانە لەناو حیزبەکەیدا دەکات . ئەمەش ئاکامێکی پێشبڕکێ و هەرسکردنی روون و ئاشکرای بڕیاری دەنگدەرانە کە ناتوانرێت چاوپۆشی لێ بکرێت . ئیدی بەم شێوەیە حیزبەکان لە رێگای ئەم سیستەمەوە کات بە کات ناچار دەکرێن لە هەڵەکانیانەوە فێر ببن یاخود لە گۆڕدا نەمێنن .

تێبینییەکانم لەسەر یاسای هەڵبژاردنی رێژەیی مانای ئەوە نییە هەموو دیموکراتخوازەکان ئامۆژگاری دەکەم واز لەو یاسای هەڵبژاردنە بهێنن . من تەنها ئاواتەخوازم دەمەتەقێ لەسەر ئەم باسە ئاراستەیەکی نوێی پێ ببەخشێت ..

ئەو بیروباوەڕەی .. کەپێی وابێ لە بیرۆکەی دیموکراسییەوە بتوانێ لۆژیکانە باڵادەستی مۆڕاڵی سیستەمی یاسای هەڵبژاردنی رێژەیی هەڵبهێنجرێت و سیستەمی نێودەوڵەتی لە رێگای هەڵبژاردنی رێژەییەوە باشتر ، دادپەروانەتر یاخود دیموکراتییانەتر دابنێ ، لەسیستەمی ئەوەی وڵاتانی ئەنگلۆسێکسۆنیا ، زۆر ساکارەو بەرگەی یەك شتی لێکدانەوەیەکی دوورودرێژ ناگرێت . .

بە کورتی و کرمانجی ... دیدی ئەوەی کەوا یاسای هەڵبژاردنی رێژەیی دیموکراسیترە لەوەی سیستەمی بەریتانیا یاخود ئەمەریکا پتەو نییە لەوێدا پێویستە خودی خۆی پشت بە تیۆرییەکی بەسەرچووی دیموکراسی وەك حکومەتی

گەل ببەستێت ( لەلایەنی خۆیەوە دەگەڕێتەوە سەر ناوبراو بە تیۆری سەروەرێتی دەوڵەت ). ئەم تیورییە لە رووی مۆڕاڵیەوە بە هەڵەداچووە و تەنانەت پووچەڵیشە . ئەو بیرۆکەیە بەهۆی تیوری دەرکردنی زەبروزەنگی زۆرینەوە بۆڕ داراوەتەوە . .

ئەم بەڵگە مۆڕاڵییە چاك و هێشتا گرنگترە لە بەڵگە پراکتیکییەکە ، کەوا ئێمە لە دوو حیزبی تەواو بەرپرسیار و پێشبڕکێکەر لە نێوخۆیاندا زیاتر هیچی ترمان ناوێت ، تاوەکو دەسەلات بدەینە دەنگدەران لە هەڵبژاردنەکەیاندا بەسەر رژێمەوە لە دادگادا دابنیشین .
هەڵبژاردنی رێژەیی مەترسییەك دەخولقێنێ ، بڕیاری هەڵبژاردنی زۆرینە بچووك و کەمبایەخ دەکات و بەمەش کاریگەرێتی شکستێکی دەنگدان بەسەر حیزبەکەوە ــ کاریگەرییەکی چاکەخواز ، کە دیموکراسی بتوانێ پێویستی پێی بێت .. هەروەها بۆ بڕیارێکی روون و ئاشکرای زۆرینە گرنگە، کە بەپێی رەخسان حیزبێکی ئۆپۆزیسیۆنی چاك و بەهێز هەبێت .
وەکو دیکە زۆربەی کات دەنگدەران ناچاردەکرێن ،رێگەبدەن حکومەتێکی خراپ لەسەر حوکم بەردەوام بێت . لەبەرئەوەی ئەوان بیانوویان هەیە قەبوڵی بکەن (( هی باشتر نایەتە سەر حوکم )).
داخۆ بیرۆکەی داکۆکیم لە سیستەمی دوو حیزب دژی بیرۆکەی کۆمەڵگایەکی کراوە نییە ؟ ئەوە لێبووردن و سنگفراوانی زۆرایەتییەکی بیرورا و تیورییەکان نییە ، بەم شێوەیە پلورالیزمێك . تایبەتمەند بۆ کۆمەڵگای کراوە و عەوداڵبوونی راستییەکانی وە نابێت خودی ئەم پلورالیزمە لە نێو ژمارەی زۆری حیزبەکاندا رابگەیەندرێت؟ . وەڵامی من : . ئەوە رۆڵی حیزبێکی سیاسییە ، حکومەتێك دابنێ یاخود وەك ئۆپۆزیسیۆنێك رەخنەگرانە چاودێری حکومەتێك بکات . ئەوەی پێویستە بۆ چاودێری رەخنەگرانە ، تۆلەرانسی ـ تسامح سنگفراوانی حکومەتێك بەرانبەر بیرورا جیاوازەکان ، ئیدیۆلۆژییەکان و ئاینزاکان چاودێری بکات (تا ئەو شوێنەی ئەم نا ناتۆلەرانسن : ئیدی ئیدیۆلۆژییەکان ، کە ناتۆلەرانسانە ئامۆژگاری دەدەن
،بانگاشەی خۆیان بۆ تۆلەرانسی لە دەست دەدەن )
هەندێ ئیدیۆلۆژی هەوڵ دەدەن ــ بەسەرکەوتن یان سەرنەکەوتن ـــ زاڵ بن بەسەر حیزبێکدا یان حیزبێکی نوێ دابمەزرێنن. . بەم شێوەیە گەمەی گۆڕان دروست دەبێت لەمیانەی بیروراکان ، ئیدیۆلۆژییەکان، ئایینەکان لە لایەك و وە پارتە گەورە پێشبڕکێکەرەکان لە لایەکی دیکە .
بەڵام ئەو بیروباوەڕەی پێی وایە کە ژمارەی زۆری ئیدیۆلۆژییەکان یاخود جیهانبینییەکان دەبێت خۆی لە ژمارەی زۆری حیزبەکاندا رەنگبدانەوە ., ئەو بیرۆکەیە بۆ من وا دەردەکەوێت لە رووی سیاسییەوە بەهەڵەداچووە . نەك هەر لە رووی سیاسییەوە بەڵکو لە رووی جیهانبینیشەوە .
کەواتە پەیوەندییەکی نزیك بە سیاسەتی حیزبەوە بەدەگمەن لەگەڵ بێگەردی وانەی زانست و فەلسەفە دەگونجێت ..